ئیلهام ئەحمەد: پەویستەی دواڕۆژی سوریا لەسەر چوارچێوەی دەستورێك بنیاد بنرێت

ئیلهام ئەحمەد هاوسەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئیدارەی خۆبەڕێوەبەریی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا رایگەیاند، پەویستەی دواڕۆژی سوریا لەسەر چوارچێوەی دەستورێك بنیاد بنرێت کەپێکهاتەکانی بەیەکسانی و دادپەروەریی پێکەوە بژین".

ئیلهام ئەحمەد لەمیانەی بەشداریکردنی لەکۆبونەوەی گەل لەشاری مارسیلیای فەرەنسا باسی لەدەستکەوتەکانی شۆڕشی ڕۆژاڤا و یەکێتی نەتەوەیی کورد و وتی، "بەچونی جیاواز دەوڵەمەندییەی، بەهیواین لەنێوان هەمو پارتەکوردییەکان ڕۆحی خوشك و برایەتیی دروستبکرێت".

ئیلهام ئەحمەد وتیشی، "لەدژی پڕۆژەی پارچەپارچەکردنی سوریاین و پەیوەستین بەیەکەوتنی 10ی (ئازار)ی ئەمسا، پەویستەی دواڕۆژی سوریا لەچوارچێوەی دەستورێك کەی

پێکهاتەکان بە یەکسانی و دادپەروەریی پێکەوە بژین بنیاد بنرێت".

لە کێبونەوەکەدا باس لە پرسەی نێوان تورکیا و پەکەکە و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە، ئیلهام ئەحمەد باسی لەوەکرد، "هەرچەندە تورکیا جار جار هەوڵستیی ئەرێنیی نیشاندەدات، بەڵام ئێپراسیۆنە سەربازییەکان ئارامیی تێکدەدەن و ئاسایشی هاوڵاتییان دەخەنە مەترسییەوە".

ئیلهام ئەحمەد وتیشی، "ئەوەی کە ئێمە بە پەکەکەوە دەبەستنەوە بە تەواوی هەڵەیە، پەکەکە لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا چالاکیی ئەنجام نادات".